شانۆنامە

تێبینیەکی وەرگێڕ :

لەئەدەبی عەرەبیدا کەمن ئەو نوسەرانەی کارەسات و ئازار و نەهامەتیەکانی گەلی کوردیان کردۆتە نوسین , بەتایبەتی ئەو دەنگانەی دڕندەیی و ستەمکاری بەعسی بەرامبەر کورد نیشانداوە بەپەنجەکانی دەست ئەژمێردرێن , تا ئێستایش بەلای زۆر لەئەدیبانی عەرەبەوە صەدام هەر پاڵەوانە نەتەوەییەکەی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە . ئەم شانۆنامەیە یەکێکە لەو دەقە دەگمەنانەی لەئەدەبی عەرەبیدا کەبە هەست و خەیاڵێکی بەرزی مرۆییی و دەست نەخشینیەکی جوانی هونەریەوە , کارەساتی هەڵەبجەی کردۆتە تێکست , من کە خوێندنەوەیم تەواو کرد هەستم کرد بەوەرگێڕانی مەلۆیەکی جوان ئەخەینە سەرخەرمانی ئەدەبی کوردی ..

# بۆنی سێو

**نوسینی : ئەحمەد عبدالحسین** ( * )

**وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە : محەمەد حسین**



**--بۆکێ ؟**

**-- هەتا میدیا ....بێگومان .**

**کەسەکان :**

**یەکەم : پاسەوانی تەرمێکی ئامانەتە کە خەریکە دائەڕزێت .**

**دووەم : لەبەردەمیا دەستت نزم کەرەوە ... خۆت دەبینیتەوە .**

**سێیەم : هەموشتێك لەم دنیادا ئەبێتــەشیعر**

**چوارەم : پەیامنێرێکی تەلەفزیۆنی .**

**پێنجەم : وێنەگرێکی تەلەفزیۆنی .**

---

**تێبینی :**

**لەبەرزترین بەشی پێشەوەی شانۆکە شاشەیەکی تەلەفزیۆنی گەورە دانراوە ,دواجار لەرێگای دەقەکەوە پێویستی ئەم شاشەیەمان بۆدەرئەکەوێت , ئەمە یەکێکە لەشتەگرنگەکانی کارەکە .لەزۆربابەتی ئەم شانۆگەریەدا ئەوە ڕوندەبێتەوە کەئەمە چەند پێویستە , وە هەموو ئەو شتانەی وێنەگرەکە وێنەی دەگرێت لەشاشەکەوە دەرئەکەوێت .**

---

**گۆڕەپانی شارێکی کوردیە ,لەناوەڕاستیا کەسێك بەسەر زەویەکەوە ڕاکشاوەو بانی دا پۆشراوە بەجورێك کەهیچ کوێیەکی دیار نیە ...بێدەنگی چۆڵبونی شار لەدانیشتوانەکەی نیشان ئەدات و هەندێك جار دەنگی تۆپەکان بێدەنگیەکە ئەشکێنێت .کەسی یەکەم جلێکی کوردی کۆنی لەبەر کردوەو لەسەر زەویەکە دانیشتوە جگەرەئەکێشێـت .دوای چەند ساتێك دووەم دێتە ژورەوەو ئەویش جلێکی کوردی سەرتا پا سپی لەبەر کردووە ,یەکەمیان زۆربەفزوڵەوە چاودێری ئەکات , دواتر هەڵئەسێت و بەرەو ڕوی ئەڕوات )**

**یەکەم : گرەو ئەکەیت ..**

**دووەم : بەچی ؟**

**یەکەم :پێنج دیناریەك ..**

**دووەم : سورێك ؟**

**یەکەم : پێنجیەکی سور...**

**دووەم :مزەوەرنیە ؟**

**یەکەم :نەخێر ئەسڵیە ..**

**دووەم : بەڵێ گرەو ئکەم ..**

**یەکەم : دەستت بێنە ...**

**دووەم :(( ئەیەوێــت تەوقەی لەگەڵ بکات بەلاّم تۆزێك خەریك ئەبێت )): تۆجارێك پێم بڵێ لەسەرچی گرەو بکەین ؟**

**یەکەم : لەسەر ئەوەی کەئەمڕۆ دێن ؟**

**دووەم : کێ دێت ؟**

**یەکەم : سوپا .. سەربازە چەکدارەکان , شارداگیرئەکەن ..**

**دووەم : سەربازەکان .. بەدڵنیاییەوە .. هەردێن ..**

**یەکەم : نەخێر .. ئەوە من بوم یەکەم جار وتم دێن ..**

**دووەم : منیش هەروەها دەڵێم دێن ..**

**یەکەم : دیسانەوە .. من ئەڵێم هەرئەمرۆ دێن .**

**دووەم : بەڵێ بەدڵنیاییەوە هەر ئەمڕۆدێن ..**

**یەکەم : بەلاّم پێویستە شتێکی تر بڵێیت ..**

**دووەم : بۆ ؟**

**یەکەم : بۆئەوەی گرەوەکە بکەین ..**

**دووەم : بۆچی شتێکی تر بڵێم مادام ئەزانم کەهەر دێن ..**

**یەکەم : هەر ئەمڕۆ؟**

**دووەم : هەر ئەمڕۆ .. بەڵێ هەر ئەمڕۆ ..**

**یەکەم : کەواتە گرەوەکە ناکەین ؟**

**دووەم : نەخێر نایکەین ..**

**یەکەم : پێنج دیناریەکە ون بوو ..**

**دووەم : ون بوو بە جەهەنم ..**

**یەکەم : سورێکی ئەسڵ بوو ..**

**دووەم : گرەو ناکەین...**

**یەکەم : خەسارە..**

**(( کەمێك لەیەکتر دور ئەکەونەوەو , دواجار دەگەڕێنەوە بۆهەمان شوێن ))**

**دووەم : گوێ بگرە .. ئەگەر تۆ سوری لەسەر گرەوەکە ..**

**یەکەم : بیڵێ ...**

**دووەم : گرەو ئەکەیت لەسەر ئەوەی کەلە چ لایەکەوە دێنە سەرمان ..**

**یەکەم : کێ ..؟**

**دووەم : ئەوانەی شار داگیر ئەکەن .. سەربازەکان ..سوپا ..**

**یەکەم : ئەوا ڕێکەوتین گرەوەکە ئەکەم , دەستت بێنە (( دەستی درێژکرد بۆتەوقە ))**

**دووەم : (( بێئەوەی دەستی تەوقەی بۆ درێژکات )) باشە .. من دەڵێم ئەوان لە..باشورەوە.. دێن ئەی تۆچی ئەڵێیت ؟**

**یەکەم : (( بە پەلە دەستی ئەکێشێتە دواوە )) باشور ؟ بەڵێ لەباشورەوە دێن , مادام ئێمە لەباکورین وئەوانیش لەباشور وادیارە هەر لەوێوە دێن .**

**دووەم : شتێکی تر بڵێ ...**

یەکەم : بۆچی ؟ چ بونەوەرێك بەچارەکێکی عەقڵەوە ... تەنانەت گەر شەواڵێکییش لە پێ بکات ,هەست بەمە ئەکات ... (( بەگاڵتەیەکەوە )) لەباشورەوە ...

دووەم : بەهیچ جۆرێك تۆ ڕێناکەویت لەگەڵما .. ئێمە چوا رلامان هەیە و تۆ هەر لایەکیان هەڵئەبژێریت .. ئەویش ئەو لایە کەمن هەڵم بژاردوە .. چەند ڕێکەوتێکی خۆشە .

یەکەم : ڕێکەوت نیە .. ئەوانە خۆیان لەباشورن .. وانیە ؟

دووەم : وادیارە ..

یەکەم : هەموو ئەوانەی کەلەباشورن .. گەر بێن بۆمان هەر لەباشورەوە دێن .. وانیە ؟

دووەم : (( بەسەر سوڕمانەوە )) هەمو جارێك هەر وا ڕوئەدات ؟

یەکەم :هەمیشەهەروابووە .. لەهەمو حاڵەتێکدا .

دووەم : تۆئەمە ناو ئەنێیت چی ؟

یەکەم : قەدەر ... ئەمە قەدەرە ...

(( دەنگی تەقینەوەی چەند تۆپێك دێـت و بەدوایشیدا بێدەنگیەکی کورت ))

دووەم : (( ئاماژە ئەکات بۆئەو پیاوەی لەسەر زەویەکە ڕاکشاوە )) ئەم شتە چیە ؟

یەکەم : مرۆڤە ...

دووەم : مردوو ؟

یەکەم : نا...ئەمە ... (( هەرچی ئەکات تەعبیرێکی گونجاوی دەست ناکەوێـت )) ... ئەمە ئەیەوێت ...

دووەم : ئەیەوێت ... پاڵکەوێت ..(( بەگاڵـتەوە )) بەشەلەشەل ئەڕوات ؟

یەکەم : ئەوە نەخۆشە ...

دووەم : نەخۆشیەکەی چیە ؟

یەکەم : نازانم ... بەڵام وادیارە نەخۆشیەکەی ترسناکە ...

دووەم : چیە ؟

یەکەم : نازانم ...

دووەم : چیە پێم بڵێ ...ئایدز ؟تاعون ؟مەلاریا ؟ ماجستیر؟زەحیری ,لوکیمیا ,چیەتی ؟

یەکەم : پێم وتی نازانم ... کەدایکی نازانێت چیەتی چۆن ئەتەوێت من بزانم ...دواجار من پزیشك نیم ...

دووەم : چ پیشەیەکت هەیە ؟

یەکەم : پەیوەندی بەتۆوە نیە ...

دووەم : بۆچی ؟

یەکەم : چونکە بواری خۆمەو بەس پەیوەندی بەمنەوە هەیە ... (( بێدەنگیەکی کورت ))

دووەم : ئایا نەخۆشی گەدەیەتی ؟

یەکەم : دایکی وەها نالێت ...

دووەم : باشە ئەی بۆوەها پێچایەتیەوە ؟

یەکەم : دایکی دەڵێـت هەواکە ئازاری ئەدات ... بەلێدانی هەوا بێتاقەت ئەبێـت ...

دووەم : ئەمە چ جۆرە نەخۆشیەکە ...؟

یەکەم : هەرکاتێك هەوا لێی دا ...خێرا دائەڕزێـت ...

دووەم : (( بەتورەییەوە )) ... دائەڕزێت ؟

یەکەم : دائەڕزێت ...ئەمە وردە وردە ئە پتورکێت ...

دووەم : چۆن ئەمەت زانی ... ئایا بینیت ؟

یەکەم : نەخێر ... دایکی وتی .

(( بێدەنگی ))

دووەم : ئێستا ئەو لەکوێیە ؟

یەکەم : کێ ؟

دووەم : دایکی ئەم شتە داڕزاوە ...

یەکەم : تازە ڕۆیشت ... پێی وتم نەختێکی تر دێمەوە و وەك پاسەوان بەدیاریەوە جێی هێشتم ...

دووەم : گوێبگرە ... ئەو ڕو پۆشەی لەسەر لائەبەم تۆزێك...

یەکەم : (( بەتورەییەوە )) ... نا ... ڕێگەت پێنادەم ...

دووەم : بەس ئەمەوێـت دەستی ببینم ...لەوانەیە بیناسم (( بەرەو لای پیاوە نەخۆشەکە ئەڕوات )) بەڕاستی ... پێم ئەڵێیت ناوی چیە ؟

یەکەم : نازانم ... بەلاّم ڕێگەت پێنادەم بانی لادەی ..

دووەم : تۆچیتە کابرا .. ؟ ئەمەوێـت بەس دەستی ببینم ... بەس دەستی چە پی ..

یەکەم : هەرگیزناهێڵم ...

دووەم : بۆوائەکەیت ... بۆ؟

یەکەم : یەکەم لەبەر ئەوەی گەر هەوا لێیدا ئەمرێت .دووەم لەبەر ئەوەی ئامانەتە . تێناگەیت ئامانەت چیە . دایکی پێی وتم وەك پاسەوانی بمێنەرەوەو سەگەکان وشەیتانەکان و ڕۆحە شەڕنگێزەکانی لێدورخەروە

دووەم : (( هەستی بەجۆرێك لەئیهانە کرد )). من سەگ نیم و ..

یەکەم : دەکرێـت شەیتان بیت...

دووەم : (( ئەقیڕێنێت )) شەیتان نیم (( دەنگی ڤازیفەیەك ))

یەکەم : کەواتە تۆ ڕۆحێکی شەڕەنگێزی ...

دووەم : (( تورەییەکەی بێدەنگ ئەکات )) . تۆ زیادە ڕۆیی ئەکەیت ...

یەکەم : ئەی بۆنا ؟ هەموو شتێك ئێستا ئامادەیە ...لەکاتێکی وەهادا ,لەبێدەنگیەکی وەهادا کەوا مردوەکانیشی تیا بێدارئەبێتەوە , شارو گۆڕستان وەك یەکیان لێهاتووە , ئێستا هەموو شار گۆڕستانە , گۆڕستانێکی گەورە .

دووەم : (بەفسکە فسك ) مەبە ستت چیە ؟

**یەکەم : (( ئەڕواتە پێشەوە بۆلای وبە نەبرەیەکی تۆمەتبارکردنەوە )) مەبەستم ئەوە یە ئەمە هەلێکە بۆئەوەی لەگۆڕەکانی خۆتان دەرچن ئەم شارە کۆچکردووە داگیرکەن ... پێم وابو کەوا شار ئیتر لەژێردەسلاتی ئێوەدایە .. ها ..؟**

**دووەم : ( لەترسا لەبەردەمیا پاشەکشە ئەکات ) تۆشێتی ...شێت ؟**

**یەکەم : من بیستومە کەوا ڕۆحە شەڕەنگێزەکان بەمرۆڤە لاوازەکان و نەخۆشەکانەوە .. ڕائەبوێرن ... پێت وتم ئەتەوەێت دەستی چەپی ببینیت ... وانیە ؟**

**دووەم : نا .. تەقریبەن بیرۆکەیەك بوو , وتم لەوانەیە بیناسم , یان نەخۆشیەکەی بدۆزمەوە ...بۆئەوەی هاوکاری بکەم .**

**یەکەم : ئەتەوێت دەستی چەپی ببینیت ؟**

**دووەم : نەخێر ..نامەوێت ..**

**یەکەم : من لەیەکێك لەشوێنەکانی ئەم شارەدا , شوێنێك کە پڕ بوو لەجن وشەیتان و ڕۆحە خەمبارو بێزارەکان ,هەموویانم پێکەوە بینی بێئەوەی هیچ سێبەرێکیان هەبێت ... هیچ سێبەرێکیان نەبوو ... (( بەدەنگێکی قوڵەوەو بەنەبرەیەکی تۆمەتبارکرنەوە ) کامەیە سێبەرەکەت ؟.**

**دووەم : (( ترسەکەی زۆر زیادئەکات و سەرنجی ئەداتێ بۆئەوەی سێبەرەکەی ئەو بدۆزێتەوە )) بەلام تۆیش هەر وەهایت ...**

**یەکەم :من چیمە ؟**

**دووەم : تۆیش هەر وەهایت... بێ سێبەریت ...**

**(( تەقینەوەیەکی زۆرنزیك ڕویدا ...لەترسا ئەکەون ... پاش تۆزێکی تر هەلئەسنەوەو تۆزو خۆلەکە لەگیانیان ئەتەکێنن و بەسەر سوڕمانەوە سەیری یەکتر ئەکەن ... پەیامنێرێکی تەلەفزیۆنی کەمایکرۆفۆنێکی بەدەستەوەیە دێتە ناوەو وێنەگرێکیش بەدوایدا , پەیامنێرەکە قژێکی درێژی هەیەو لەدواوە بەستویەتی , عەینەکێکی ڕەشی لەچاودایە ,وێنەگرێکی زنجی لەگەلدایە و گوێناداتەئەو شتانەی لەدەوروبەریدایە, هەر بە پێی فەرمانی پەیامنێرەکە ئەجولێتەوە ,دەست ئەکات بەوێنەگرتنی گۆڕە پانەکەو,دواجار کامێراکە ئەخاتە سەر یەکەم و دووەم کەهەر لەشوێنی خۆیانن . لێرەوە ئیتر کامێراکە چی وێنە دەگرێت دەرئەکەوێت لەسەر ئەو شاشە تەلەفزیۆنیەی کەلەسەرەوەی شانۆکەدا دانراوە ))**

**پەیامنێرەکە : (( بەمایکرۆفەنەکەیەوە دێتە بەردەم کامێراکە )) بینەرانی خۆشەویست ئێمە هەمیشەلەگەلێ یەك بەیەکی ڕوداوەکان و ئێوەیشداین , لەم ناوچە گەرم و گوڕەی جەنگدا کەتۆپباران بەردەوامە لەسەر شارو بەتەواوی شار خەریکە چۆلێ ئەبێت . لەم شوێنەی کەئێستا تیایداین پێش کەمێك تەقینەوەیەك ڕویدا , وادیارە ئەوەتا ئێستا یەکێك لەقوربانیەکانی ئەبینین (( ئاماژە ئەکات بۆ وێنەگرەکەی بۆئەوەی نەخۆشەکە تەسویرکات )) هەروەك لە بەرچاوتان دیارە هیچ شوێنەوارێکی خوێنرژان دیار نیە .. وادیارە لەترسا مردووە ... یان لەئەنجامی توندی دەنگی تەقینەوەکەدا , یان لەوانەیە لەخۆشی ئەوە دا مردبێت کە تۆپەکە نەیپێکاوە و بەسلامەتی دەرچووە , ئەم کوردانە -- ئایا پێشتر وتومە -- کەزۆرچاکن و خەلکێکی بێ وەین , بەلام سروشتێکی سەیرو عەجیبیان هەیە لەمردندا , وەك چۆن لەژیانیشدا هەروا سەیرو عەجیبن ...تەماشاکەن هەر یەکەیان دوکانێکی تەواو قوماشی ئالاندۆتە خۆیداو ناوی ناوە شەرواڵ , ناوقەدیشی هەروەها بەدوکانێکی تری قوماش پێچاوەتەوەو ناویان ناوە پشتوێن . ئەو کێشە سەرەکیەی ئێستا توشم ئەبێت , کەدلنیام هیچ کەسێکیش بڕوام پێناکات تەنها مەگەر شێت بێت و بێت بۆئێرە ... ئەویش ئەوەیە کوردەکان سێبەریان نیە ... چۆن پێشتر کەس**

سەرنجی ئەم حەقیقەتە ترسناکەی نەداوە ... ئەو هاوڕێ جوان ونازەنینەم کەوا تۆزێك پێشتر بۆم باسکردن ... (( لەباخەڵیەوە وێنەی کچێکی جوانی نیمچە ڕوتی دەرکرد کەلەکەناری دەریایەکدا دانیشتووە )) ... ئەمە وێنەکەیەتی (( وێنەکە لەکامێراکەوە نزیك ئەکاتەوە )) ئەمە زۆر هەوڵی لەگەڵدام کەنەیەم بۆئێرە .. بەلاَم وەك ئەوە وابوو نەسیحەتی بەرازێکی لاسار بکات .. ئاخ مەوعدی حومام و مەلیکەتان بیرخستمەوە (( تۆزێك پێئەکەنێو دوای خۆی جدی ئەکاتەوە )) ... تۆزێك جێتان ئەهێڵم لەگەڵ ڕیکلامدا .

(( ڕیکلامەکە لەسەر شاشەکە دەرئەکەوێت : هاوڕێ کچە جوانەکەی پەیامنێرەکە , خاوەنی وێنەکە ی پێشتر , ڕیکلام بۆجۆرە کرێمێك ئەکات .. پێش کۆتای هاتنی ڕیکلامەکە پەیامنێرەکەو وێنەگرەکە ئەچنە دەرەوەو ,ڕێك دوای تەواو بونی ڕیکلامەکە کەسایەتی یەکەم و دووەم دەست ئەکەنەوە بەجوڵە ))

دووەم : هەتاکەی وەك پاسەوانی ئەم کۆمەڵە پێشە دمێنیتەوە ؟

یەکەم : هەتا ئەو کاتەی دایکی دێت .

دووەم : ئایا ناتەوێت خۆت ڕزگار بکەیت ..؟ ئەوەتا هەموان هەڵدێن ..

یەکەم : ئەمەوێت...بەلاَم ناتوانم .. پێش ئەوەی دایکی بێتەوە ..

دووەم : بەلاَم هەرنایەتەوە ...

یەکەم : هەردێت ..هەر دێت ..

دووەم : ئەگەر نەمردبێت ئێستا لەگەڵ یەکێك لەو کاروانە گەورانەدایە کەوا ڕویان کردۆتە ئەو چیانەو لەشار هەڵدێن ...

یەکەم : هەر دێت ... دوای ئەیبینیت ..

دووەم : دێتەتە وە خەیاڵم کە چۆن ئێستاکە لەگەڵ یەك دنیا خەڵکی قورأویدا یە , ئەیەوێت هەنگاو بنێت و سەرسم ئەدات و بە پیرەکانی دەورو پشتی ئەڵێت .. کوڕەنەخۆشەکەم جێهێشت , ئێستا دڵەکەم تەنیایە , فریشتەکان لەکەناری ڕێگەکەدا جێم هێشت ..بەلاَم سوپاس بۆ خوا .. لەگەڵ ترساوێکدا جێم هێشت بۆئەوەی پاسەوانی بکات لەسەگەکان و شەیتانەکان و ڕۆحە شەڕەنگێزەکان .

یەکەم : (( بەتوڕەییەوە )) ترساو ... من ترساوم , من هەی بێسێبەر .. لانی کەم هۆکارێکی مەعقوڵم هەیە بۆمانەوە لێرەدا ,هۆکارێکی مرۆیی ..بەلاَم تۆ هەی بێ سێبەر ئەتوانی هۆکاری مانەوەی خۆتم پێبڵێیت ؟..

دووەم : (( بەمۆنیەکەوە )) هۆکاری خۆم هەیە ..

یەکەم : کامەیە هۆکارەکانت ..؟

دووەم : من ناچار نیم لێرەدا ئاشکرای کەم ..

یەکەم : دەباشە .. لێم گەڕێ با هۆکارەکانت دیاری بکەم ,(( بەدەوریا ئەخولێتەوە و وەك لێکۆڵیارێك خۆی دەرئەخات )) ..هۆکارەکانت ..جگەرەیەکت پێیە (( دووەم جگەرەیەکی ئەداتێ )) ..سوپاس . پێم بڵێ ئەوانە کێن کەناچاری مانەوەن لەم شارەدا . (( دووەك ئەیەوێت وەلاَمی بداتەوە , بەلاَم یەکەم بەجوڵەیەکی دەستی ئەیبڕێت و ناهێڵێت قسە بکات )) من وەلاَمت ئەدەمەوە ...ئەو شۆڕشگێڕانەی لەدژی سوپا بەر گری ئەکەن ...یان تابوری پێنجەم .. ئەوانەی کە جاشن و لەگەڵ سوپادا هاوکاری ئەکەن ..(( دووەم جگەرەکەی بۆدائەگیرسێنێت )) ..سوپاس ... یان دزەکان (( دووەم هەوڵ ئەدات بەرگری لەخۆی

بكات بەلاَم يەكەم هيچ ڕێگەی پێنادات )) شۆڕشگێڕەكان وەك ئەوەی من و تۆوو ئەوانی تریش ئەزانن ئەمە جێگەیان نیە ,گەر هەر كەسێكیان ئێستا مابێت ئەوا سینەی خۆیان ئەخەنە بەرگولەوە بۆئەوەی ئێمە دەربازبین ...كارەساتەكەیان دوائەخست بۆئەوەی هەموان دەربازبن ..بەلاَم تۆ وەك ئەوەی كەدیارە چەكت پێ نیە , وادیارە تۆ شۆڕش گێڕ نیت ..تۆ تەنانەت سێبەری شۆڕشگێڕێكیشت نیە ...(( دووەم لە پێگەی تاوانبارێكدایە )) تۆ لەشۆڕشگێڕەكان نیت ...چیمان بۆماوەتەوە ...ها..(( دووەم هەوڵئەدات قسەبكات بەلاَم یەكەم ڕێگەی نادات ))...ئاخ ...دزەكان و جاشەكانم كەوتەوە یاد ...(( دوكەڵ لەڕوخساری هەڵئەسا )) یەكێكیان هەڵبژێرە ..

دووەم : (( بەو پەڕی ئارامیەوە )) تۆكەربویت ..

یەكەم : یەكێ: لەم هۆكارانە هەڵبژێرە ..دزی كردن یان جاسوی كردن ..جاسوسی كردن یان دزی كردن , یان هەردوكیان پێكەوە ..یالاَ بەخێرایی كورسیەك بۆخۆت بگرە (( لەكاتێكدا یەكەم قسە ئەكات دووەم بەبێدەنگیەكی قوڵەوە خێسەی لێئەكات )) .

گەر من لەشوێنی تۆبوایەم ئەوا دزی كردنم هەڵئەبژاردوو فریای خۆم ئەكەوتم ..

دووەم : (( بەقوڵی سەیری ناوچاوانی یەكەم ئەكات )) دەستەكانتم ئەدەیتێ ؟

یەكەم : لێم مە پاڕێرەوە ...(( دەستی ڕاستی ئەبات بۆلای دەمی دووەم )) پێویست بە پاڕانەوەو دەست ماچكردن ناكات , گەر هەزارجار دەستم ماچ كەیت ئەوا هەر بەسزای خۆت ئەگەیت .. پێویستە لەسەرت یەكێك لەو ڕێگایانە هەڵبژێریت ...

دووەم : (( هەر بەخێسەوە و بەهێمنی سەیری ئەكات ))... ئەم دەستەیان نا ... دەستی چەپت ...

(( یەكەم دەستی ڕاستی ئەكێشێتەوە و دەستی چەپی ئەباتە پێشەوە و نزیكی ئەكاتەوە لەدەمیكەزۆر بەهێمنی نزمیەكاتەوە , ئەویش دەیگرێت بەهەردوو دەستی و دەست ئەكات بەخوێندنەوەی هێڵەكانی ناو لە پی ))

یەكەم : (( بەتەسلیم بونێكەوە دەستی خستۆتە ناو دەستەكانی دووەم و لێیگەڕاوە )) بۆدواجار نەسیحەتت ئەكەم ..

بەبرایەكی خۆت , بەهاوڕێ یەكتم بزانە . دان بەوەدا بنێ كەدزیت و خۆت قوتاربكە .. حاشالێكردنی لەبەرژەوەندیتا نیە ...

دووەم : (( بەردەوام خەریكی خوێندنەوەی ناولە پی یەكەمە )) كەی لەوێوە دەرت كەم ؟

یەكەم : (( تەواو لەكەسایەتی لێكۆڵەرەوەیەكدا خۆی غەرق كردووە وەك ئەوەی كە هیچی لێ نابیسێت )) هەمو شتێك قەیناكە بەس جاسوسی نەبێت ... ئەمە خیانەتێكی گەورەیە ...

دووەم : (( بێئەوەی چاوەكانی بەرزكاتەوە )) چۆن لەوێ دەرت كەم ؟

یەكەم : بەتایبەتی لەكاتی شەڕدا ...

(( لەكاتی گفتوگۆی یەكەم و دووەمدا وێنەگرەكەو پەیامنێرەكەی پێشتر دێنە ژورەوەو بێئەوەی سە نجی ئەمان بدەن دەست ئەكەن بەتەسویركردنی هەمو ئەو شتانەی كەلەنێوان هەردوكیاندا ڕوئەدات , ئێستا ئەوەتا لەسەر شاشەكەن ))

دووەم : (( هەر خەریكی تەماشا كردنی ناو لە پیەتی )) هەمو شتێك بەڕونی دیارە ... زۆرئاشكرا ... هەموی دیارە

یەكەم : لەبەردەمتدا هەر دوو ڕێگە هەیە و ... بەبێ سێیەمیان ..دانی پیابنێ .. یان ...

دووەم : ڕێگەكەت لەبەردەم گیراوە ...

یەكەم : دزی كردن خرا پەیەكی سوكترە , من باش لەیاسا ئەزانم , خواردم و كردمە گویش , دواجار خوادمەوەو كردمەوە گوو .. هەموو گەمەو پێچو پلوچ و نهێنیەكانی ئەزانم ...

دووەم (( لەخوێندنەوەی ناو لە پیدا تەواو غەرق بووە )) ئەگەر ئەو هێڵانەی لەسەر گومەزی مشتەرین ون بن ئەوا عەقڵ ئەفەوتێت , ئەگەر هێڵی ژیان بەتەواوی لەناوەڕاستەوە گرێی خوارد ئەوا دەلالەت لە دڵێكی شكستەو سەرگەردان و سەرسام ئەكات ...هەموو دەستخوێنەرەوە {فاڵچی } سەرەتاییەكانیش ئەمە ئەزانن .. هیچ جوڵە مەكە .

**یەکەم : بەس جاسوی . مادەی 13 یاسای سزاکانی تەعدیل کراو لە 16/3/ 1988 سزای هەموو ئەوانە ئەدات کەلە ناو تابوردان ...**

**دووەم : بێدەنگ بە ... لێم گەڕێ بابزانم ئەم هێڵە لەکوێ کۆتایی دێت ... هێڵی ژیانە ...**

**یەکەم : تابوری پێنجەم و هەموو ئەوانەیش کە پابەند نین بەیاسای تابورەکانەوە وای لێئەکەن کەئە نجامەکەی قاوشی خەستەخانەکان بێت , دواجار کەلە سەرەکەی وەك هێلکە ئەکوڵێنن و مەلەفی خێزانەکەی و عەشیرەتەکەی بەرز ئەکەنەوە بۆلایەنە پەیوەندی دارەکان بۆئەوەی ئەوانیش لای خۆیانەوە بینێرن بۆتاقیگە ..**

**دووەم : کورتی ناکەمەوە ... هێڵی ژیانە ...**

**یەکەم : بۆتاقیگە کیمیاویەکەی سەرەوە ...**

**(( لەکاتی ناوهێنانی وشەی کیمیاویدا بۆماوەی نیو دەقیقە شاشەی تەلەفزیۆنەکە تەشویشی تێئەکەوێت , دووەم سەری بەرز ئەکاتەوەو تەماشای یەکەم ئەکات , دوای تەماشای وێنەگرەکەو پەیامنێرەکە ئەکات , هەموان وەك ئەوەی بۆنی شتێکی غەریب هەست پێ بکەن )) .**

**پەیامنێرەکە : (( بەوێنەگرەکە ئەڵێت )) ئایا بۆنێکی غەریب ئەبیسیت ؟**

**(( وێنەگرەکە سەری ڕەزا مەندی بۆئەلەقێنێت ))**

**پەیامنێرەکە : سێوە ؟ (( وێنەگرەکە بەئاماژە ئەڵێت بەڵێ ))**

**پەیامنێرەکە : ئەڵلا...بەڵێ ... بۆنی سێوە ... ئایا سێوت پێیە ؟**

**((وێنەگرەکە بەسەر لەقاندن ئەڵێت نەخێر))**

**پەیامنێرەکە : دوێنێ دوو سێوم خوارد ,سەیر ئەوە بوو بۆنی سێویان لێنەئەهات , زۆرسەیرە وانیە ؟**

**(( وێنە گرەکە سەرسوڕمانی خۆی نیشان ئەدات ))**

**پەیامنێرەکە : چی لەسێو جێئەمێنێت جگە لەبۆنەکەی ؟**

**(( وێنەگرەکە توڕەیی خۆی نیشان ئەدات ))**

**پەیامنێرەکە : چەند سەیرە سێوی کوردەکان , نازانم ئەم کوردانە چۆن توانیان تۆوی ئەم سێوە بێخێرە دابهێنن ... ئەمە دەسکەوتێکی زانستی بۆماوە زانیە ...**

**(( وێنەگرەکە بە ساردیەکەوە سەری بەڵێی بۆلەقاند ))**

**پەیامنێرەکە : لەوە ئەچێت هۆکارەکە لای ئەو پەینە کیمیاویە بێت کەبۆبنی دارەکان بەکاری ئەهێنن ...**

**(( لێرەشدا جارێکی تر کەوشەی کیمیاوی بەکاردێنێت شاشەی تەلەفزیۆنەکە تەشویشی تێئەکەوێت , یەکەم و دووەم تەماشایەکی یەکتر ئەکەن و هەرکە شاشەکە چاك ئەبێت دەگەڕێنەوە بۆتەماشاکردنی کامێراکە )) .**

**پەیامنێرەکە : (( لەبەردەم کامێراکەدا دێتە پێشەوە )) بینەرانی خۆشەویست ... بیری لێبکەنە وە گەر دایکە حەوامان سێوێکی کوردی بەباوکە ئادەممان بدایە , سێوێك بەبێ بۆنی سێو , ئایا منیش و ئێوەیش و هەموخەڵکیش ئەگەیشتینە ئەم ڕۆژەی ئێستامان ... ئاخ گەر بێت و ئادەم کوردبوایە (( وێنەگرەکە لەکاریگەریدا سەر ڕائەوەشێنێت )) ... جارێکی تریش لەگەڵ ڕیکلامدا ین ...**

(( لەڕیكلامەكەدا هەمان كچە جوانەكەی پێشو دەرئەچێــتەوە . بەجوڵەیەكی ئارەزوو بزوێنەوە سێوێك پێشكەشی بینەران ئەكات , وادیارە ڕیكلام بۆكۆمپانیایەكی شامپۆئەكات بەبۆنی سێوەوە ))

(( لەكاتی ڕیكلامەكەدا بەهەنگاو نانی خاوەوە" سێیەم " دێــتە ژورەوە , دەستی چە پی لەباخەڵێدایەو تاكۆتای شانۆكەیش هەروا دەمێنیــەوە .جلێكی شۆڕی لەبەرەو , سەیری دەم وچاوەكان ئەكات , یەكەم ودووەم تەماشای ئەكەن و كامێراكە بەرەو ڕوی ئەڕوات ))

سێیەم : (( ڕوی دەمی ئەكاتە دووەم و پێی ئەڵێت )) ئایا ئەتناسم ..؟

دووەم : (( ئەترسێت و نایەوێــت بیناسێت )) نەخێر... بەداخەوە .. پێم وانیە بمناسیت ...

سێیەم : شێوەت غەریب نیە بەلامەوە .. پێشتر یەكمان نەبینیوە ؟

دووەم : (( خۆی لێتوند ئەكاتەوە )) نەخێر لەخەویشدا یەكمان نەبینیوە ...

سێیەم : بەدڵنیاییەوە من تۆم بینیوە .. بەڵام لەكوێ ...لەكوێ ...

دووەم : (( بەتوەندی و توڕەییەوە )) پێم وتی ناتناسم ... ناتناسم ...

سێیەم : گرنگ نیە .. بمبورە (( پشتی لێهەڵئەكات و بەرەو نەخۆشەكە ئەڕوات ...نەختێك تەماشای ئەكات و دوای دێــتەوە بۆلای دووەم )) بەلام ... بەڕاستی ئەتناسم , چ یادەوەرەیەكی خرا پە , ئەترسم ڕۆژێك بێـ نەزانم خۆیشم كێم . ... ئەتناسم ... هەرچەندە یەكمان بینی و قسەمان پێكەوە كردوو , ...

دووەم : (( ئەقیڕێنێــت ))ناتناسم ...

سێیەم : گەریارمەتیم بدەیت تادێــتەوە یادم ...

دووەم : لێم دوركەوەرۆ ... تۆمن ناناسیت ...

سێیەم : بەڵكو ئەتناسم ...

دووەم : زلەیەكت لێئەدەم ... من دەست خوێنەرەوە م بەلام گەر لەگەڵم زیادەڕۆیت كرد ئەوا ناو لە پم ڕوخسارە ناشیرینەكەت ئەخوێنیــەوە ... گوێت لێمە ؟

سێیەم : (( واخۆی دەرئەخات كەلەمەبەستەكەی تێنەگەیشتووە )) چۆن ؟

دووەم : بەم جۆرە (( زلەیەكی توندی لێئەدات ))

(( شاشەكە تەشویشی تێئەكەوێــت , هەمویان بەدووەمیشەوە دەست بەڕوخساری خۆیاندا دێنن , وێنەگرەكەو پەیامنێرەكە ئەچنە دەرەوە ))

دووەم : (( هەست بەگوناه ئەكات )) تۆناچاری ئەمەت كردم ...

سێیەم : گرنگ نیە ...هەمو ئەمانەت بەسەردا ئەبێتە شیعر... بەسەرهەموو جیهاندا ئەبێتە شیعر (( بەدەنگێكی هێواش ئەیخوێنێــتەوە كەخەریكە نابیبسێت )) باگورزەكانت كوشندە نەبێت چونكە من بەری ئەكەوم . بالێدانەكەت قوڵ نەبێــت دەشێت منی بەركەوێت ,تۆزێك بوارم بدە و لێم گەڕێ باخەون بەدەستەكانتەوە ببینم , وەك جوتە خوشكێكی دوانە كەوازەهری ئومێدیان بۆشاردومەتەوە .چونكە تۆماویتەتەوە ,تۆ , ئێمە تۆو ونگەكەتمان بۆبەجێماوە و بەرزمان كردۆتەوە بۆت بۆئەوەی ببینیت چەندە داڕزاوین , وەچەندە خواردنەكانمان فریمان ئەكەون و دواجار ئەمرین پێش ئەوەی دەرمان خوارد بكرێین , ئێمە هەمومان زوڕنایەكی پیسین بەدەم ئومێدێكەوە . دەكرێت من بم , تۆكارێك مەكە شتە باوەكانتم لیێشاریتەوە , كارێك مەكە شتەباوەكانتمان لێون كەیت , ئەشێــت ئەوە من بم , ڕوخسارم لەبیربكە چونكە ئەوەتانێ لەوێ لەنێو كۆمەڵێك ڕوخساری

تردالەقەسا بخانەیەکدا ئەیستوتێنن , لەبیرمە کەتوانای ئەوەم نیە دەستم بەرزکەمەوەو ئامازەت بۆبکەم وەختێك تۆ حاشام لێئەکەیت , ئەوە منم کاتێك داوەکەی خۆتم بۆدائەشاریت لەسەر شوێن داوێك ...داوەکەت لەوێدا مەشارەوە لەوە ئەچێت من بم ...

دووەم : تۆناچاری ئەمەت کردم ...

سێیەم : گرنگ نیە ... هەموو ئەمانە ئەبنە شیعر ...

دووەم : بواری ئەوەت نەدام لەبیرم بچێت , ئەوەتا من هەڵەم کرد...

سێیەم : هیچ لەسەر تۆنیە , هەموو قەسیدەیەکی مەزن شەقازلەیەکی توندی لە پشتەوەیە .

دووەم : ئەگەر ئەزانی ..تۆناچارت کردم ..ئازارچۆن دروست ئەبێت جگە لەیادەوەریە کۆنە ئازاربەخشە کان .. ئایا لێم خۆش دەبیت ؟

سێیەم : گرنگ نیە .لەهەمو بەیتێکی شیعریمدا شەقەی شەقازلەیەکی دەستێکی بەهێز هەیە بەبناگوێیەکی دۆڕاوەوە ...گوناهی تۆنیە خەمت نەبێت (( دووەم لەبەردەمیا ئەکەوێتە سەرچۆك و سێیەم دەست ئەهێنێت بەسەریدا بەدەنگێکی هێمنی باوکانەوە ڕوی دەمی تێئەکات و قسەی بۆئەکات )) . ئێستا بیرم کەوتیتەوە .. بەتەواوی کەوتیتەوە بیرم ..

دووەم : من خەریکبو لەبیرت کەم بەلاّم لەبیرم نەچویت ... ئایا لێم خۆش دەبیت ؟

سێیەم : هیچ گوناهی تۆنیە ...

دووەم : لای کەس باسم ناکەیت... وانیە ؟

سێیەم : نەخێر .. دڵنیا بە ...

دووەم : ئەمە نهێنیەکە لەنێوان خۆماندا ؟

سێیەم : بەڵێنت پێئەدەم ...

دووەم : نهێنیەکی بچوکی نێوان خۆمانە ...

سێیەم : نهێنیەکی شومە , مەترسە ...

دووەم : تۆشاعیرەکەی ...

سێیەم : ئەوە تۆبوی ناودەستت ئەخوێندەوە ئەوکاتەی لەویابوین بوین ... ئالەوێدا لەبیرتە ؟

دووەم : خەریکە لەبیرم ئەچێت ... جارێکیان خۆمان لەوێ بوین . لەکۆتای شەودا بەدەنگێکی سامناك بێداربومەوە وەختێك ئەیقیژاند . هەورێکی تازە لەئاسۆدابوو هیچ بچوك نەئەبووەوە ... ئەوە دەنگی تۆبوو من خەوتبوم و خەونم ئەبینی ...

سێیەم : لەخەونەکەمدا یەکێکیان شەقازلەیەکی لێدام ... هیچ گرنگ نیە ...

دووەم : لێم خۆشبە ...

سێیەم : بیربکەرەوە ... بیربکەرەوە ....

دووەم : خەریکە لەبیرم ئەچێت ...

سێیەم : بەس یەکجار... لەو شوێنە ترسناکەدا , ویستم ناولە پم بخوێنیتەوە , دەستی ڕاستم بۆدرێژکردی , بەلاّم پێم پێکەنیت , پێت وتم دەستی چەپ هەڵخەڵەتێنەرە , قەدەرێکی شێواوە , دەستەکەی ترم بدەرێ .. دەستی چەپ (( هەمویان ناو لە پیان هەڵئەگێڕنەوە )) ...

کاتێك دەستی چەپیم بۆهێنایت دەستکردە پێکەنین و وتت ئەمە دەست نیە , کارا دەستێکم بدەرێ کە بخوێنرێـتەوە ...

دووەم : لێم ببورە ...

سێیەم : گوناهی تۆ نیە ... هەمو ئەمانە خۆی ئەبێتە شیعر ...

(( نەخۆشەکە تۆزێك ئەجوڵێتەوە , لە پشتی ئەو بەتانیە قورسەوە کەداپۆشیوە دوو سێ ناڵەو هاواری ئازاراوی دێتە دەرەوە , هەموان لەدەوری کۆئەبنەوە ))

سێیەم : ئەمە چیە ... بریندارە ؟

دووەم : بریندارەو ئەمەیش پاسەوانە تایبەتیەکەیەتی (( بەدەستی ئاماژە ئەکات بۆکەسی یەکەم )) ئەوە ترسەکەیەتی ئەیپارێزێت...

یەکەم : بەم نزیکانە دایکی دێتەوە .

دووەم : ئەگەر هات سڵاوی منی پێبگەیەنە .

یەکەم : پێی وتم بۆیەك چرکە ساتیش لێی دانابڕێت... خۆی تایبەت کردووە بۆبایەخ پێدانی ...بێگومان هەر دێت ...

دووەم : لێرەدا دابنا چونکە لێی نائومێد بوو ...

سێیەم : چۆن ئەزانی .. ئایا بینیوتە ؟

دووەم : نەخێر ... بەڵام مادام دایکی وازی لێهێناوەو , لەگەڵ هەڵهاتوەکاندا ڕۆیشتووە ...

یەکەم : کێ پێی وتی وارای کردووە ؟

دووەم : گرەو ئەکەیت ؟

یەکەم : بەچی ؟

دووەم : بە پێنج دیناریەك ...

یەکەم : پێنجیەکی سور .؟ دێتەوە ...

دووەم : پێنجیەکی ئەسڵیە ؟ نایەتەوە .

یەکەم : گرەو ئەکەم ...

دووەم : دەستت بێنە ...

(( یەکەم دەستی چە پی بۆدرێژئەکات ))

دووەم : دەستی ڕاستت بێنە ... دەستی ڕاست ...(( تەوقەیەك ئەکەن ))

(( هەردوکیان پێکەوە سەیری کەسی سێیەم ئەکەن , کەدەستی ڕاستی دەرکردووەو خەریکە هەست بەشوێنی زلەکەئەکات ))

(( دەنگی تۆپێك دێت ))

(( پەیامنێرەکەو وێنەگرەکە بەشپرزەیی و تەنگانەیەکەوە دێنە ژورەوە ))

پەیامنێرەکە : ئەمە شاری شێتە کانە (( بەدەم قسەکردنەکەیەوە بەرەو ڕوی هەر سێ کەسایەتیەکە ئەڕوات )) هەروەها ئێوەیش ؟؟خۆ من هیچ کەسێکی ترنابینم ئێوە نەبێت , هەمیشە هان لەبەردەممدا , ئەمرۆمن لەجۆرج بۆش زیاتر ئێوەم لەتەلەفزیۆنەوە نیشان دا ... لەمەولا ناوبانگ پەیدا ئەکەن ... خەڵك حەسودیتان پێئەبات .. (( ئەڕوات بۆئەوەی لەبەر

کامێراکەدا بوەستێت )) بینەرانی خۆشەویست , دوای ئەوەی ئێمە لەلایەکی تری شارەوە بوین و ئەو شەڕەمان نیشان دا لەوێ ڕویدا پێم وایە ئێوە گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە سوپا شار داگیرئەکات لەماوەی یەك کاتژمێردا , وەك ئەوەی پێشتر وتمان شەڕەکە شەڕێکی نابەرامبەرو بێویژدانانەو ناشەریفانەیە , بەلاّم چی بکەین هەر ئەبیێت قبوڵی کەین وەك هەموو ئەو شتە ناعادیلانەی تر کە بێدەسلاّتانە قبوڵێ ئەکەین ... بۆنمونە بونی ئێمە لێرەدا شتێکی ناعادیلانەیە ...ئێمە هەمیشە ناچارین بگەڕێینەوە بۆئەم گۆڕەپانە پیسە ... چی بکەین ؟ بەڵێ ..چی بکەین ..؟ لینین لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا وەهای وتووەو منیش لەکۆتاییەکەیدا وەها ئەڵێم ..چیبکەم لەکاتێکدا ئەم گۆڕەپانە تەنها شوێنێکە چەند شتێکی زیندووی تیایە بجوڵێتەوە ,دیارە ئەمە جگە لەو سەگ و پشیلانەی کەوا بەردەوام خەریکی شەڕە هەمیشەییەکانی خۆیانن لەناو ئەو تەرمانەی هەموو شەقامەکانی پڕکردووە , وەك ئەو تەرمەی کەئەبینین ..(( ئاماژە ئەکات بۆوێنەگرەکە بۆئەوەی نەخۆشەکە تەسویربکات )) ئەمە لەبەیانیەوە لێرەدا فڕێدراوە ..

یەکەم (( قسەکەی پێئەبڕێت )) ئەمە تەرم نیە ... پیاوێکی نەخۆشە .(( پەیامنێرەکە مایکرۆفۆنەکە نزیك ئەکاتەوە لەدەمی کەسی یەکەم کەخەریکی قسەکردنە )) دایکی لێرەدا جێی هێشت , کەس نەیتوانی نەخۆشیەکەی بدۆزێتـەوەو دەوایەکی بۆدیاری کات تا چاك ئەبێـتەوە ...

دووەم : چۆن نەخۆشیەکەی و دەوای بۆبدۆزینەوە ئەو وەها دا پۆشرابێـت ...ئەڵێی پیاسکەی پارەکەی دا پیرەمە ... لێی گەڕێ بالانی کەم هەناسە بدات ... ئەخنکێـت ...

یەکەم : پێم وتی هەوا ئازاری ئەدات ...

پەیامنێرەکە : بەڕاستی شتێکی وروژێنەرمان دۆزیوەتەوە , ئێستا وێنەی ئەگرین... بانی لادە ...

دووەم : ناهێڵێت ببینیت ,ئەمە تەنانەت نەیهێشت ناولە پیشی ببینم ...

پەیامنێرەکە : ئەمە تەنها بابەتێکە مستەحەقی وێنەگرتن بێت لەم شارەدا... یالاّ... وێنەی بگرن ...

دووەم : بەهیچ شێوەیەك ڕێگەتان پێنادات ..ئایا پرسیار لەمن ئەکەیت ...

پەیامنێرەکە : بۆ...

دووەم : دایکی ئەم شتە نوستووە , ئەم شتە وەستاوەی بە پاسەوانی لاجێهێشتووە بۆئەوەی لەسەگەکان بیپارێزێـت ...

پەیامنێرەکەو کەسی سێیەم : سەگەکان ؟

سێیەم : زۆر باشە هەموو ئەمانە ئەبێـتە شیعر ...

پەیامنێرەکە : (( ڕوی دەم ئەکاتە یەکەم )) داواکارم هاوکاریمان بکەیت ...تۆئەڵێیت دایکی جێی هێشتووە بۆئەوەی خەڵك نەخۆشیەکەی ببینێـتو یارمەتی بدات (( یەکەم ئاماژەیەکی باشی لێ دەرئەکەوێت ))... زۆرباشە ئەگەر ئێستا لەتەلەفزیۆن دەرچێت و لەرێگەی مانگە دەستکردەکانەوە ڕاستەو خۆ مەلایین خەڵك ئەیبینن ,ئەوکاتە دەکرێت یەکێك لەو مەلاین بینەرە نەخۆشیەکەی بدۆزێتەوە ... ئەو کاتە پەیوەندیمان پێوە ئەکات و ... ڕات چیە ..؟

یەکەم : گەر هەوا لێیدا ئازاری ئەبێـت ... ئەمرێـت ...

دووەم : گەر ئەم گیانەلاّ دواگیانەلاّی نەبیێت و لەکۆڵت نەبێـتەوە ...

یەکەم : نامەوێـت هیچ دەستێکم هەبێـت لەمردنیدا ...

پەیامنێرەکە : تەنها یەك خولەك بۆ وێنە گرتنی هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت , نە دوای ئەخات و نە پێشیشی ئەخات ...

سێیەم : وادیارە ئەیەوێت شتێکمان پێبڵێت ... بۆگوێی لێنەگرین ...لەوەئەچێت بەختیاربێـت گەر ببینێت کۆمەڵە خەڵکێکی وەك ئێمە لەدەوریەتی و بایەخی پێئەدەن ...

(( یەکەم وا دەرئەکەوێت کەتۆزێك شل بووە بۆداواکاریەکانیان ))

پەیامنێرەکە : ... ها ... چیت وت ... سەیری دەم وچاوی بکەین ؟

یەکەم : (( تۆزێك بێدەنگ ئەبێت بۆئەوەی بیری لێبکاتەوەو خێرا بەتوڕەییەوە وەلآم ئەداتەوە )) نەخێر ... پێش هاتنی دایکی نابێت ...

پەیامنێرەکە : (( بەتوڕەییەوە )) سوپات بۆدێت پێش هاتنی ئەو ..(( ڕوئەکاتە وێنەگرەکەو پێی ئەڵێت )) ... یالآ بابڕۆین ...(( تۆزێك ئەڕوات و دواتر لائەکاتەوە و بە یەکەم ئەڵێت )) تۆزێکی تر دێمەوە باش بیری لێبکەرەوە (( گەرەکیەتی بڕوات بەلآم دەگەڕێتەوە وەك کەسێك شتێکی بیرکەوتبێتەوە )) باشە کەسێکتان هاتیا تۆزێك لەقورئانی لەبەربێت ؟

(( هەموان بەسەرسوڕمانەوە سەیری یەکتر ئەکەن ))

پەیامنێرەکە : دەنگوباسێك بلآو دەڵێت هەرکە سوپا هاتنە ناو شارەوە هەموو ئەو کەسانە ئەکوژن کەتوشیان ئەبێت .تەنها ئەوانە نەبێت کەسورەتی ئەنفالیان لەبەرە . (( ڕوئەکاتە وێنەگرەکە )) ..یالآ.. . (( بەیەکەم ئەڵێتەوە )) باش بیری لێبکەرەوە , گەر بهێڵێت وێنەی بگرین کارێك ئەکەین ئەم کۆمەڵە پێشە لەمادۆنا بەناوبانگ تربێت ...(( ئەچنە دەرەوە ))...

سێیەم : پێت وایە ئەمە ئەژی ؟

یەکەم : نازانم ...

دووەم : هەتائەگەر بیشمێنێت ... ئەوەئەوان هاتن ...دەبابەکانیان بەشێلان ئەیشێلن ...

سێیەم : هەموو شتێك قوت ئەدەن ...

یەکەم : ئەی ئێمە ؟

سێیەم : هەموو شتێك بەشی خۆی ئەجوڵێت ...

یەکەم : ئاوەها بەوشکی دەوەستم ..(( لەشوێنی خۆی وشك دەوەستێت ))

سێیەم : هەموو شتێك هەناسە ئەدات ...

یەکەم : هەناسەی خۆم ئەبڕم ...

سێیەم : هەمووشتێك ئەبینیێ ...

دووەم : (( بەتوندیەوە )) گەر سێبەریشی نەبێت ؟

سێیەم : گەر تەنانەت وەك خۆیشمان بێت ... بێ سێبەر .

(( دەنگی تۆپێکی زۆرنزیك ))

سێیەم :(( ڕویکردۆتە دووەم )) تۆلەبیرتە ... بێگومان ..

دووەم : وەك ئەوەی لەخەوندا بێت ...

سێیەم : ئالەوێدا , لەو شوێنەی کەخۆمان پێکەوە بوین , لەوشوێنە چەرموەی کە سێبەرەکانمان پاشەکشەی کرد تیایدا ,من لەدورەوە چاودێریم ئەکردیت و تۆدەورە درابوی بە چەندین دەست و دەمو چاو ...لەدەورت کۆبوبونەوە دەستیان خستوبوە بەردەستت ...ئەیانوت دەستم بخوێنرەوە ,... ناولە پم چی ئەڵێت, دواڕۆژم بێنە پێشچاو , ئەم هێڵەم بۆ شیبکەرەوە , ئەم

کوڕبونەوەیانم بۆتەفسیرکە , ئەوان دەستەکانیان خستبوە بەردەستت و تۆیش هەر ئە تخوێندەوە ... ڕقم لێت هەڵگرت چونکە تۆجادوگەرێکی دەستخوێن بوی ...حەسودیشم بەئەوان برد چونکە لانی کەم دەستێکیان هەیە بخوێنرێـتەوە ...

دووەم : منیش هەروەها ڕقملەتۆهەڵگرت چونکە تەنها کەسێك بویت نەمزانی نهێنی هێڵەکانی دەستت بخوێنمەوە ... قەدەرم نەبینیەوە لەلەناو هێڵەکاندا ...زیاتر ڕقم لێهەڵگرتی , ئەوکاتەی لەخەوداو بەوڕێنەوە شیعرت ئەخوێندەوەو هیوام ئەخواست من ئەو شیعرانەم بخوێندایەتەوە .

سێیەم : ئایا دەستی خۆتت خوێندۆتەوە .؟.

دووەم : دەستم ئەوکتابە پیرۆزەیە کەهەموو ئەوشتانەی تیا نوسراوە بە سەرماهاتووەو لەمەولایش بەسەرمادێـت...

سێیەم :ئایا ئەوەت تیا دۆزیەوە کەئێمە لەم گۆڕەپانەدا توشی یەك ئەبین .. لێرەدا , لەکەناری مردندا ,کەخاس و خراپ بەرەو ڕومان دێنێـت , ئایا لەدەستتدا کۆتاییەك بۆئەم هەمووشتە نوسراوە ؟

دووەم : گەربزانیت چەندە ترسناکە تۆچاوەڕێی دواڕۆژناکەیت ...چاودێری ناکەیت ...لەگەڵی ناژیت , بەڵکو ئە یخوێنیتەوە... ئە یخوێنیتەوەو تەواو . وەئەو کاتەی ئە یخوێنیتەوە لە پشتی دڵتەوە تۆماری ئەکەیت ,دەری ئەکەیت و وازی لێدێنیت بێزارو جارس ئەبیت لێی ,... بڕوام پێبکە , من ماوەیەك زۆرپێش ئێستە ئەم چرکە ساتە ژیام , لەوکاتەوەی بۆیەکەم جارچوینە ئەوێوەو چوینە ناوژورێکی درێژەوە کە سێبەرەکانیان لێسەندینەوە .وازیان لێهێنایین بەم جۆرە بێسێبەر وێڵ وێڵ بسوڕێینەوە ... تەنانەت ڕقیشمان لەخۆمان بێتەوە ...

سێیەم : هەموئەمانە دەبێتە شیعر ... نائومێد مەبە ...

دووەم : بینیتم ...ئەو کاتەی لەوێ بوین ..من لەکتابەکەی ناولە پم دەمخوێندەوە کەمن لەگۆڕەپانێکی چۆڵکراودا لەگەڵ دوو پیاوی تردا ئەوەستم کەوەك خۆم بێسێبەرن و پەیمانێکیان لەگەڵ مۆرئەکەم .. بەڵگەنامکەیەکی پیرۆزلەگەڵ مەحاڵدا ...لەم دەستەیاندا تەنانەت ئا پۆرەی ئەو سەربازانەیشم ئەبینی کەوا ئەو دەستەیشیان دا پاچی کەناخوێنرێتەوە , دوای ئەوەی لە دەستێکی ئادەمیەوە دەبێتەوە بەکوت کوتکراوێك...

سێیەم : هەموو ئەمانە ڕۆژێك لەڕۆژان دەبێتە قەسیدەیەك ...

دووەم : تۆیشم بینی ... لەناودەستمدا دەستێکی تازەی تۆم بینی , خوێندمەوە ,خوێندمەوە کەچۆن زمانت گرێ ئەدرێـت بەئارەزوی قسەکردنەوە ..

سێیەم: ئیتر هەورە تازەکان لەئاسۆکانی مرۆڤدا بچوکنابنەوە ...

دووەم : تەنانەت ئەم ڕاکشاوەیشم بینی ئالێرەدا بێجوڵە ... بینیم کەئەتوانێـت ببیسێـت بەلاّم ناتوانێـت ....

سێیەم : هەموئەمانە بەشیعر کۆتایی دێـت ...

(( هەرسێکەیان خرئەبن لەدەوری یەکتر وەك ئەوەی بەدەنگێکی نزم چپە بۆیەك بکەن ))

(( بە پەلە پەیامنێرەکە و وێنەگرەکە دێنە ژورەوە ))

پەیامنێرەکە : تائێستایش هەر قسە ئەکەن وەك ئەوەی لەڕابواردندا بن , کورە کوردەکان ...کوردەکان. ... ((ڕوئەکاتە وێنەگرەکە )) من وام ئەزانی سورەتی ئەنفال لەبەر ئەکەن . دواجار لەخۆشیدا بەدەنگ ئە یخوێننەوە ...(( بەرەو ڕوی یەکەم ئەڕوات )) ها... ئەرێ دایکی ئەمە نەهات ؟

دووەم : نەهات ...تۆگرەوەکەت بردەوە... ئێمەیش هەمو شتێکمان دۆڕاند...

پەیامنێرەکە : (( ڕوی کردە یەکەم )) پێت چۆنە مامەڵەیەك بکەین ...بزنس..؟

(( یەکەم ڕوی لێ وەرئەگێڕێت ))

پەیامنێرەکە : تۆزۆر سەخت و زەحمەتیت ...زەحمەت .لەوانەیە میزاجت تەواو نەبێت ئەمەیش مافی خۆتە , لەم باروذۆخانەدا هەمووان لەبەرامبەر مردندا ئەبینە بەردێکی ڕەق و تەق ... بەلاّم ئێوەی کورد خودا تاییە تمەندیەکی کەم وێنەی پێداون ...(( بێدەنگی )) پرسیارم لێناکەیت چیە , ئەویش زەردەخەنەیەکی شەیتانیانەیە لەبەردەم مردندا (( پەیامنێرەکەو و وێنەگرەکەیش پێئەکەنن ))

دووەم : (( بەهەڵچونەوە )) زەردە خەنە ...شەیتانی ؟

پەیامنێرەکە : بەڵێ...ئێوە نەوەی جنۆکە نین ((دەست ئەکەن بە پێکەنین ))..

((یەکەم و دووەم و سێیەم سەیری یەك ئەکەن بەبێ دەنگی ))

پەیامنێرەکە : (( واز لە پێکەنین دێنێت )) چیتانە ئەوە ...؟ من هەوڵم داخۆئامادەکردنتان بۆمردن تاڕادەیەك چاوەڕوانکراوبێت ... قەت مەبەستی سوکاسەتی کردنم نەبووە ...((هەوڵ ئەدات بابەتەکە بگۆڕێت )) پێتان وانیە ئەمە بیرۆکەیەکی نامۆیە کەدایکێك کوڕەکەی خۆی جێبهێڵێت لەسەر ڕێگایەك بۆئەوەی ڕێبوارێك دەواکەی بۆبدۆزێتەوە ... بەتاییەتی لەبارودۆخێکیوەهاداکەهیچ کەسێك لەشاردا نابینیتەوە جگە لەشێتەکان ...

یەکەم : جگەلەکێ ؟

پەیامنێرەکە جگە لەئێوە ... هەموتان ...

سێیەم : ئەمە هەمیشە دووبارە بۆتەوە ... ماوەیەکی دورو درێژە ...

پەیامنێرەکە : چۆن .؟.. پێم بڵێ ...

سێیەم : لەسەردەمەکانی پێش مێژوودا نەوەکانی میزۆپۆتامیا (( خۆی گورج ئەکاتەوە )) ...ئایا ئەزانیت میزۆپۆتامیا چیە ؟

پەیامنێرەکە : میزۆپۆتامیا ...بەڵێ...میزۆپۆتامیا ئەناسم ...

سێیەم : ئەوخەڵکانەی میزۆپۆتامیا ... باپیرەی ئێمە بوون ... گەر یەکێکیان نەخۆش بکەوتایەو نەیانزانیایە دەردەکەی چیە ئەچوون لەگۆڕەپانێکی گشتیدا دایان ئەنا ... بۆئەوەی کەسێك کە پێشتر ئەو نەخۆشیەی گرتبێت لەوێوە تێپەڕێت و ئەزمونی چاك بونەوەی خۆی بەنەخۆش بڵێت ... دواجاریش چی بکرێت بۆ چاکبونەوە لەنەخۆشیەکە ...

پەیامنێرەکە : ..ئاوا... لەوزەمانەدا دکتۆرنەبووە ...بەڵێ ...

سێیەم : وەك ئەو حاڵەی ئەمڕۆئەیبینین ... نەدکتۆرهەیەو ,نەدەواو دەرمان ...

پەیامنێرەکە : بەڕاستی مەسەلەیەکی زۆرناخۆشە ...بەلاّم پێم بڵێ ئەم ئافرەتە ...خاوەنی ئەم بەختە ڕەشە ...چۆن توانی ئەم سروتە لەسروتەکانی پێش مێژوو زیندو بکاتەوەو بەکاری بێنێتەوە ...زۆرسەیرە ... وانیە ؟

سێیەم : یۆنغت نەخوێندۆتەوە ؟

پەیامنێرەکە : نەخێر ... کێ ؟

سێیەم : یۆنغ ... کارل غوستاف یۆنغ... ئەم پیاوە ئەڵێت مەغزەنێك ئاماژەو سروتی ڕەمزی هەیە لای مرۆڤ کەهەموی بەرهەمی سەردەمەکۆنەکانی ژیان وشارستانیەتی مرۆڤایەتیە , هەندێك جار ئەم مەغزەنە پڕلەڕەمزو سروتە ئەتەقێتەوە و بەکارئەهێنرێتەوە بێئەوەی مرۆڤ خۆی هەستی پێبکات ... تەواو بەشێوەیەکی خۆبەخۆی دەرئەکەوێت ...

(( پەیامنێرەکەو وێنەگرەکە ئەوەیان پێوەدیارە کەهیچ لەقسەکانی تێناگەن بەلاّم سەری ڕەزامەندی بۆئەلەقێنن وەك ئەوەی کەزۆر باش لێی تێگەیشتبن ))

**سێیەم : (( درێژە بەقسەکانی ئەدات )) لەوانەیە ئەم ئافرەتە بەبێمەبەست ئەم سروتەی هێنابێتەوەو پەنای بۆبردبێت کەخۆی یەکێکە لەسروتەکانی بابو باپیرانمان... میزۆپۆتامیەکان ...**

**پەیامنێرەکە : هەر ئەمەی وتووە .. یو... چی ناوە ئەو کابرای ..؟**

**سێیەم : یۆنغ ... کارل غوستاف...**

**پەیامنێرەکە : ئەم یۆنغە کاری چیە ...لەچ بوارێکدا پسپۆرە ؟**

**سێیەم : دەروونناسی ...**

**پەیامنێرەکە : ئێئێ...((ڕوی دەم ئەکاتە وێنەگرەکە )) خۆبیستت ؟. لەدەروونناسیدا پسپۆرە ... پسپۆری شێتەکانە ...(( پەیامنێرەکەو وێنەگرەکە پێئەکەنن )) ...**

**سێیەم : ئایا دەروونناسی ئەم پێکەنینەی بۆهێنایت ؟**

**پەیامنێرەکە : نەخێر ... بەلاَم ئەم هاوڕێتە شتێکی بیرخستمەوە ...(( پێئەکەنێت )) پێش کەمێك هەواڵی کارەساتێکم بیت ...کارەساتێکی پێکەنیناوی بوو بەڕاستی ...دوێنێ ڕویدا ...تەماشاکە بزانە خەڵك پێشئەوەی لەشار ڕابکات چی کردووە ...کۆشکێکی گەورەی سپییان دۆزیوەتەوە ... کەکۆمەڵە پیاوێکی تیابووە لە پەنجەرەکەوە هاواریان کردووە , فریامان کەون , فریامان کەون ... خەڵکەکەیش وای زانیبوو ئەوانە زیندانی سیاسین , بەڵکو ئەو ئۆپۆزسیۆنە سیاسیانەن کەلەزینداندان ... هەربۆیە دەرگاکەیان بۆئەکەنەوەو بەریان ئەدەن ...**

**(( پەیامنێرەکەو وێنەگرەکە بەدەنگی بەرز ئەدەن لەقاقای پێکەنین ))**

**(( سێ کەسەکەی تریش توڕەئەبن ))**

**پەیامنێرەکە : ئەوان وایان زانی بوو کەزیندانی سیاسین .. ئەزانن کۆشکەکە چیبو (( پێئەکەنن )) نەخۆشخانەیەکی دەرونی شێتەکان بوو, تەماشاکە شار ئێستا کەسی پیاناڕوات جگە لەشێتە کان ... یۆنغی هاوڕێت بەمە دڵخۆش ئەبێت...**

**(( سێیەم بەسەر پەیامنێرەکەو وێنەگرەکەدا پێش ئەکەوێت ))**

**یەکەم : ئەمە توشی پێکەنینت ئەکات ؟**

**پەیامنێرەکە : وەك ئەوەی کە ئەمبینیت ...هەوڵ ئەدەم دڵشاد بم ...(( لە پێکەنین بەردەوام ئەبێت )) گوێ بگرە ... ئەمڕۆ ئەفسەرێك کەلەولاترەوە بینینم پێی وتم ... گەر هات و کوردێکت بینی سێبەری هەبوو ئەوە کوردێکی عەیب دارە , پێم وت بۆ..؟وتی چونکە شەیتان خۆیشی سێبەری نیە ... (( هەرسێکەیان دەچنە پێشەوە بۆی ... چواردەوری ئەگرن ))**

**پەیامنێرەکە : بەتۆزێك ڕابواردن ژیان ئاسانتر ئەبێت ... ئێستانوکتەیەکتان بۆئەگێڕمەوە کەئەمڕۆبیستومە ...گوێ بگرن ...هەموو کورد ڕقیان لە** سیبویە **, بۆچی ؟ (( بێدەنگی )) نەخێر... لەبەر ئەوەنا کەباوکی ڕێزمانی عەرەبیە ... پێتان ئەڵێم بۆ ؟ لەبەر ئەوەی ناوی** سیبویە **لەزمانی کوردیدا بەواتای بۆنی سێو دێت ...**

**(( پەیامنێرەکەو وێنەگرەکە بەتەواوی چواردەوریان ئەگیرێت , پەیامنێرەکە ئەکەوێتە سەر زەویەکە ... وێنەگرەکە کامێراکەی فڕێئەداتە سەر زەویەکەو ڕائەکات , پەیامنێرەکە بەسەرسوڕمانەوە سەیری هەرسێکەیان ئەکات ))**

دووەم : هەرئەمە ڕویدا بەتەواوی ...هەمو ئەمەم بینی ...ئەو کاتەی لەویٚ بوین ...
سێیەم : گەر دەستێکم بوایە بخوێنرایەتەوە ئەوا ئەوەم دەبینی ئێستا بەسەرمان هاتووە ...

دووەم : (( ڕوو ئەکاتە سێیەم )) دەستت بێنە بابیخوێنمەوە ...
سێیەم : ((دەستی ڕاستی درێژئەکات ))...
دووەم : ئەم دەستەیان نا ...دەستی چە پتم بدەریٚ ...

(( بەخاوەخاوسێیەم دەستی چە پی بۆڕوت ئەکاتەوە , ئیتر دەرئەکەوێت کەدەستێکی لاستیکی سناعیە نەك ڕاستەقینە ,ئەیواتە بەرەوە بۆلای دووەم و ئەیگێڕێتە دواوە , دووەم دەست ئەکات بەخوێندنەوەی ناولە پی دەستە سناعیەکە , یەکەم کامێراکە لەسەر زەویەکە هەڵئەگرێت , ئەچێت بۆلای نەخۆشەکەو بانی لائەدات و کامێراکە ئەخاتە سەری ... لەسەر شاشەکەوە وێنەی پیاوێك دەرئەچێت بەجلێکی کوردیەوە لەلوتکەی چیایەکدا ڕاوەستاوەو پشتی کردۆتە کامێراکەو بۆ دور ئەڕوانێت... هەمو شانۆکە پڕئەبێت لەبۆنی سێو ))

(( تاریکی ))

دواتێبینی / ئەو چەکە کیمیاویەی لەهەڵە بجە بەکارهێنرا بۆنی سێوی لیٚ ئەهات .

..................................................................................................................................

احمد عبدالحسین نوسەرو شاعیرێکی عێراقیەو لەمەنفا ئەژیا , دوای ڕوخانی صەدام حسین هاتۆتەوە بۆعیراق .

سەرچاوەی دەقە عەرەبیەکەی لەسایتی www. Aqwas.com وەرگیراوە .
دەقەکوردیەکەی لەژمارە 64 گۆڤاری ئاینده بلاٚوکراوەتەوە .